# مافی هۆشیاربوون بە مافەکانی مرۆڤ

مرۆڤ لە پێناو شتێکدا تێدەکۆشێ کە پێی هۆشیار بێ، واتە لە هەوڵی بەدەستهێنانی شتێکە کە ئەیناسێ و دەزانێ هەبوونی ئەو شتە گرنگە بۆ هەبوون و مرۆڤبوونی خۆی و هەلومەرجی ژیانی ئەو لە کۆمەڵگەکەیدا. هۆشیاربوونی مرۆڤ بە شتێک واتە پەیوەندیداربوونی ئەو شتە بە ژیانی ئەوەوە.

تاکەکانی کۆمەڵگە لە کاتێکدا داکۆکی لە مافە مرۆیی و بنەڕەتییەکانی خۆیان دەکەن کە هۆشیار بن بە مافەکانی مرۆڤ، تاک کە هۆشیار نەبوو بە مافەکانی مرۆڤ، خەمی هێنانەدی مافەکانی خۆیشی نابێ، بۆیە چاوەڕێی ئەوەشی لێناکرێ مافی کەسانی تر دابین بکا. بەمانایەکی تر: گەر تاکێک بە بنەماکانی مافی مرۆڤ هۆشیار نەبێ، نەک هەر مافی خەڵکی تری بەلاوە گرنگ نیە، بەڵکو دەرهەق بە مافە مرۆییەکانی خۆیشی بێ باک دەبێ، هەڵبەتە ئەو مرۆڤە تاوانبار نییە بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو مرۆڤ مرۆڤێکی مافخوراوە، چونکە مافی هۆشیاربوونی بە مافەکانی مرۆڤی بۆ نەرەخسێنراوە، بۆیە مافی هۆشیاربوون بە مافەکانی مرۆڤ لە مافەکانی تر گرنگترە، مافی هۆشیاربوون بەو مافانە تەواوکەری تەواوی مافەکانی ترە.

هەموو مرۆڤێک وەکو چۆن دەبێ مافە سەرەتاییەکانی تری بۆ فەراهەم بکرێ، بەهەمان شێوە دەبێ مافی هۆشیاربوون بە مافەکانی خۆیشی بۆ بڕەخسێنرێ، مرۆڤێک کە هۆشیار نەبێ بە مافەکانی مرۆڤ، گەر دژی مافەکانی مرۆڤیش بێ، تاوانبار نیە، مرۆڤێک تاوانبارە کە هۆشیاربێ بە مافەکانی مرۆڤ و پێشێلیشی بکا.

تەواوی ئەو مرۆڤانەی هۆشیار نین بە مافەکانی مرۆڤ لە هیچ حاڵەتێکدا تاوانبار نین، چونکە هۆشیار نین، کە هۆشیاریش نەبوون کەوایە مافخوراون و مافیان پێشێلکراوە، کێ لە هۆشیار نەبوونی ئەو مرۆڤانە دەستی هەیە ئەو لایەنە تاوانبارە، جا چ حکومەت بێ یا لایەنێک بێ یا دەسەڵاتێک یا ڕەوشی خراپی ئابووری یا نەخوێندەواری.

هەڵبەتە هۆکارگەلی زۆر هەن لە پشت پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە، وەک خراپی باری ئابووری، پشێوی و ئاژاوەی سیاسی و ئاسەروەری یاسا و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هتد.

ئەمانە هەموو فاکتەری ڕاستەوخۆن بۆ پێشێلبوونی مافەکانی مرۆڤ، هەر کاتێک ئەو ڕەوشانە باڵیان بەسەر کۆمەڵگەدا کێشا، ڕاستەوخۆ مافەکانی مرۆڤ دەکەونە بەر هەڕەشەی پێشێلکردن، هەموو ئەو هۆکارانەی باسم کردن بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە هۆشیاری مافەکانی مرۆڤەوە هەیە.

ناکرێ بڵێین فلانە کۆمەڵگە لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرز دایە،

ئارام ئەمین شوانی

لەکاتێکدا ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە بارودۆخێکی خراپدایە، باشبوونی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دوو بارودۆخی لێکجیانەکراون و هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی تر مەیسەر نابێ و نایەتەدی، بەهەمان شێوە ئاستی ئابووری و خۆشگوزەرانی ژیانی تاکەکان و باری سیاسی و یاسایی و ئاستی خوێندەواری و نەخوێندەواری تاکەکانی کۆمەڵگەش پەیوەندیدارن بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤەوە.

شایانی گوتنە لەو کۆمەڵگایانەی ڕێژەی خوێندەواریان بەرزە زەمینەیەکی لەبارترن بۆ پێشکەوتنی مافەکانی مرۆڤ.

دواجار دەتوانین بڵێین سەرباری خراپی یا باشی ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و.... هتد کۆمەڵگە، هێشتا بڵاوکردنەوەی هۆشیاری مافەکانی مرۆڤ لە پێشەوەی هەموو کارەکانی تردایە، بۆ نموونە: مەرج نیە مرۆڤێک دەوڵەمەند هۆشیار بێ بە مافەکانی مرۆڤ یا مرۆڤێکی خوێندەوار بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ هەبێ، بۆیە پێویستە بە بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی و تایبەتمەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و بەر لە هەموو شتێک کار بۆ بڵاوکردنەوە و دابین کردنی مافی هۆشیاربوون بە مافەکانی مرۆڤ بکرێ.